www.kurdistannet.org
05/03/2003 23:45

# ئەم جارەیان شاردنەوەی ڕووی ڕاستە قینەی ئەمریكا مەحاڵە!

پەیڕەو عزیز

ئاشكرایە كاتێك كە ئەمریكا لەساڵە كانی (٩٠، ٩١) دا لە بەشێك لە هەوڵەكانی دا بۆ دارِشتنەوەی دنیا بەپێی بەرژەوەندی وپێداویستی یەكانی سەرمایەی سەردەم وجێگیركردنی مەوقعیەتی خۆی تیادا، پەنای بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ وئامادەبوونی مەیدنی برد لەناوچەكەوعیراق دا، (تەعین كردنی) خزمەتكارە محەلیەكان بوو بەیەكێك لەپێداویستیی یەكانی، فرسەتێكی زێرین بوو بۆ زۆرێك لەو حزب ولایەنانەی كەتاقە پەیام وئاكامی ئاڵوگۆڕەكانی سەردەم دەیتوانی تەنیا ئەوەبێت كە تازووە لەریزەكانی مارنیزی ئەمریكای سەركەوتوودا جێگەو ڕێگەیەك داگیربكەن وبەلەمەكانیان بدەن بەدەم شەپۆلە بەهێزەكانی ئەم لافاوە جیهان گرەوە و ئیتر بەجیا لەهەر ئەركێكی سیاسی، سەربازی مەعلوماتی (جا چ ئەمریكا بۆ ی دیاری كردبن یان خۆیان بەسەلیقە وشارەزایی خزمەكارانەیان پەیان پێ بردبێت) .

بەشێكی هەوڵكانیان بووە بە مكیاج كردنی ڕووی ئەمریكا (دیارە بەلەبەرچاوگرتنی ماهیەت ودەوری ڕەشی ئەمریكا لەمێژوودا) وهەوڵدان بۆ ئەوەی ئەوە بەخەڵك نیشان بدەن وبی سەلەمێنن كە ئەم ئەمریكایە، ئەوە نی یە كە ناوی لەگەڵ هێرۆشیما و نەكازاكی دا دێت !!ئەم ئەمریكایە ئەوەنییە كەناوی لەگەڵ شەڕی ڤێتنام ونەهامەتی وناهەمواریەكانی ئەمریكای لاتین دا دێت ! ئەوەش نی یە كەناوی لەگەڵ فەلەستین دا دێت !!. نەءئەمریكای ئەم سەردەمە و سیایەت مەدارەكانی چەند هەنگاو زیاتر لە ڕێوی حكایەتەكان بەلای چاكە دا گەڕاوەتەوە'خەم وهەمی شەو و ڕۆژیان ئەوەیە چۆن خەڵكی فلانە ولات وفیسارە ناوچە لەدیكتاتۆرو دوژمنەكانیان ڕزگار بكەن !ئەم ئەمریكایە پشت وپەنای خەڵكی چەوساوەوڕاپەڕیوەوبۆ پاراستنی ئەوان سڵ لەهیچ بریارو نەخشەوهەناگاوهەڵگرتنێك ناكاتەوە!!.......

ئێستاش كەئەمریكاجەولەیەكی تری بۆ گەیاندنی پرۆسەی دارشتنەوەی دنیاو جێگیركردنی مەوقعیەتی تاك ڕەوانی خۆی دەست پێكردوە. لەبەشێكی دا هەڕەشەی شەڕی لەدژی سەدام لەجێ بەجێكردنی نزیك كردوەتەوە، ئەم حزب ولایەنانەش دیسانەوە، ئەو ئەركەیان كەوتۆتە سەر، كە دافع ومەرامەئەسڵی یەكانی ئەمریكا پەردەپۆش بكەن وڕووی ڕاستەقینەی ئەمریكا بشارنەوە.

بەلاَم بەراوردكردنێكی سەرپێ ی هەلومەرجی ئێستالەگەڵ ساڵەكانی (٩٠، ٩١) دا دەتوانێت ئەوە نیشان بدات كەئەمجارەیان پەتی هەوڵەكانیان زۆرلەوەكورترە كەبتوانن هیچ تەسویرێكی خیاڵی دابەزێننە سەر بڕواو قەناعەتی خەڵك ؛ چونكە :

یەكەم :ـ ساڵی (٩١، ٩٠) ، ئەمریكالەقۆناغی یەكەم دا، دوابەدوای ڕوداوێك هات (كەداگیر كردنی كۆیت بوو لەلایەن عێراقەوە) و ئەو كاتە ڕژێمی بەعس لەو پەڕی قوەتی دا بوو. بەلاَم ئێستا نەك هەر ڕووداوێكی وانی یە، بەڵكو ڕژێمی بەعسیش لەڕووی ئابووری وسەربازیەوە لە چاو ئەوكاتە دا زۆر لاوازە.

دووەم :ـ ساڵی (٩١) یش ئەمریكا شكستی ڕاپەڕینی خەڵكی عێراق وزاڵ بوونەوەی ڕژێمی بەعسی كرد بە بیانوویەك بۆ زیاتر كردنی دەخاڵەتی هەمەلایەنەی خۆی، بەلاَم لەئێستادا

توندبوونەوەی هەڵوێستی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەنەخشەی ئەمریکا خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە و پەیوەنی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە هەیە.

سێ یەم :. گۆڕینە یەك لەدوای یەکەکانی شیعارەکانی ئەمریکا لەم چەند سالەدا، لەڕزگارکردنی (کویت) ەوە بۆ پاراستنی خەڵکی کورد ودواتر بۆ چەك داماڵینی ڕژێمی بەعس وڕووخاندنی، ئینتیداب کردنی عێراق، دەتوانن ئەو ەندە مەلامحی واقعی ئەمریکا بخەنە ڕوو، کە تەسویرە خەیاڵی یە کانی حزب ولایەنە پرۆ ئەمریکایەکان ببنە مایەی گاڵتە جاڕی !.

چوارەم :. ئیعتیبارو مسداقیەتی حزب ولایەنە پرۆ ئەمریکایەکان لە چاو دەپازدە ساڵ لە مەو بەردا، زۆر لەوە زیاتر دابە زیوە کە بتوانن لاپەڕی وەسف و تەفسیرو حوکمە کانیان بەبێ تێپەڕاندن بە کوورەی تەجروبەو گومانی خەڵك دا بکەن بە حوکم تەفسیر ئەوان. کێ هەیە ئەوە نەزانێت کە لاوازترین پایەی مانەوەی ئەوحزب و لایەنانە ئیعتبارو مسداقیە تیان نی یە؟.

لەمانە زیاتر کورت بوونی ئەو کاتە یە کە (شەڕ) و ڕوخاندنی سەدام دەتوانن وەك ئامانجی سەرە کی ئەمریکا بمێننەوە، بە واتایە کی تر شەرو ئاکامی شەڕ زۆ بە خێرایی ئەمریکا دە خەنە مەوقعیەتێکی تر ئاشکراترو هەرچی زیاتر نینۆك و کەڵپە تیژەکانی و هەڵسوکەوتەدڕندانەکانی بەرجەستە تر دەبێت، چونکە ئاشکرایە (شەڕ) وگەشتنی ئەمریکا بەمەوقعیەتێکی تر تەنها خۆئامەدەکردنیەتی بۆ دەست پێکردنی قۆناغێکی تر لە ڕەوەندی دارشتنەوەی دنیا بە پێی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری سەردەم. کە (شەر) دەبێتە (بەردەباز) ەکانی ڕووبارێك کە (ئەوبەر) ی نی یە ! هەربۆیە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ئەمریکا گەرەوێکی دۆڕاوەوتەنیا لەوانە دەوەشێتەوە کەئەمە دوایین دۆڕانیان بێت وشەرمیان شکابێت !!.

٢٠٠٣/٢/٢٣

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. . . لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت. . . . ١٥-١-٢٠٠٣